# کاریگەریی ڕۆڵی سەرکردە لە سەر بارودۆخی سیاسی باکور و باشوری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢١

## توێژینەوەیەکی مێژوییە

**هیوا حەمید شەریف** [١]

[١] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشك خستنەسەر ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی و سەربازی سەرکردە کوردەکان لە باکور و باشوری کوردستان، مەبەست لە زاراوەی (سەرکردە) لەم توێژینەوەیەدا ئەو سەرکردە خۆجێی و ناوچەییانەیە کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەرکەوتن و ڕۆڵ و چالاکی سیاسی و سەربازیان لە ناوچەکانی خۆیان بینیوە، هەڵوێست و کردار و بڕیارەکانیان کەم تا زۆر کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی بۆ سەر دوا ڕۆژی سیاسی هەبووە. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگەکەدا چەند گۆڕانکاریەکی گەورەی لە کوردستان بە دوای خۆیدا هێنا، کە خۆی لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی عوسمانیەکان لە کوردستان هێنا و بەمەش بۆشایەکی سیاسی و کارگێری ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوە، ئەم پێشهاتانە دەرفەتێکی سیاسی گونجاوی بۆ کورد هێنایە پێش تا پرسە نەتەوەیی و سیاسیەکەی بەرەو پێش ببات، بەڵام بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کورد نەیتوانی دەرفەتەکە بقۆزێتەوە، کە یەکێك لەم هۆکارانە کورتبینی و کەم ئەزمونی (سەرکردە) کانی کورد بو لە کاری سیاسیدا. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەروازەیەك و دو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە، دەروازەکەی بۆ خستنەڕوی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی لە ناوچە کوردنشینەکانی باکور و باشوری کوردستان لە پێش و لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی تەرخانکراوە. تەوەرەی یەکەم بۆ ڕۆڵ و چالاکی و کاریگەری (سەرکردە) سیاسی و سەربازیە کوردەکانی باکوری کوردستان لە ڕوداوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تەرخان کراوە. تەوەرەی دووەمیش پێکهاتووە لە ڕۆڵ و هەڵوێست و کاریگەری (سەرکردە) کوردەکانی باشوری کوردستان بەرامبەر بارودۆخی سیاسی و سەربازی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

**وشە سەرەکییەکان:** سیاسەت، سەرکردە، کورد، کەسایەتی، هەڵوێست، ئەزمون

## ١. پێشەکی

### ١.١ بایەخی توێژینەوەکە

مەبەست لە زاراوەی (سەرکردە) لەم توێژینەوەیە، ئەو کارەکتەرە ناوچەیی و لۆکاڵیانەیە کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە کوردستان دەرکەوتن و ڕۆڵی سیاسی و سەربازیان لە ناوچەکانیان بینیوە، هەڵوێست و کردار و بڕیارەکانیان کەم تا زۆر کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی بە سەر دوارۆژی سیاسی کوردستانەوە هەبووە.

کۆتاییهاتن بە جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانکاری گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا و دەرفەت و کەشێکی سیاسی گونجاوی بۆ کورد هێنایە پێش تا پرسە نەتەوەیی و سیاسیەکەی بەرەو پێش ببات، بەڵام بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کورد نەیتوانی دەرفەتەکە بقۆزێتەوە، کە یەکێك لەم هۆکارانە کورتبینی و کەم ئەزمونی وعەقڵی (سەرکردە) کانی بو لە کاری سیاسیدا، لەم گۆشەنیگایەوە توێژەر لەم توێژینەوەیە هەڵدەستێت بە شیکردنەوە و خستنەڕوی ڕۆڵی سیاسی ئەو سەرکردانە و کاریگەری کارەکانیان لە سەر پرسی نەتەوەکەیان.

### ٢.١ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە

لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی بابەتەکە و ئامادەکردنی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا ئێستا لەم توێژینەوە و نوسینانەی لە پێشوتردا لە سەر بابەتی شکستی کورد وەك نەتەوەیەك لە گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی نوسراوە زیاتر ڕۆشنایی خراوەتە سەر کۆمەڵێك هۆکار، کەمتر لێکۆڵینەوەی ورد لە سەر ڕۆڵ و جوڵەی سەرکردە کوردەکان کراوە.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ٢ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٦ ئادار ٢٠١٩؛ پەسەندکردن: ٢٩ تەمووز ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٩ کانوونی یەکەم ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: hewa.hameed@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ هیوا حەمید شەریف، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n2y2019.pp78-86

### ٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە

خستنەڕوی سەرجەم خاڵە لاواز و بەهێزەکانی سەرکردە کوردەکان و هەڵوەستە لە سەرکردنیان بە ئامانجی تێگەیشتن لە هەڵوێستەکانیان و سود وەرگرتن لێیان.

### ٤.١ میتۆدی توێژینەوەکە

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نوسینی ئەم توێژینەوەیە سود وەرگرتن بووە لە ڕێباز و توێژینەوەی مێژویی کە بریتیە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی ڕەسەن و بەڵگەی دروست پەیوەست بە ڕوداو و زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی هەمو ئەو زانیارییە کۆکراوانە و بەراورد کردن و بڕیار لە سەردانیان.

### ٥.١ پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە دەروازە و دوو تەوەرە پێکدێت، دەروازەکە بۆ هەڵومەرجی سیاسی و کۆمەلآیەتی ناوچە کوردییەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تەرخان کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە ڕۆڵ و کاریگەری(سەرکردە) سیاسی و سەربازییەکانی کورد لە باکوری کوردستان لە پێشهات و ڕوداوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە تێدا لێکۆڵینەوە لە سەر ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی(سەرکردە)کانی کورد لە دامەزراندن و کارکردنیان لە کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و ئاست و کەسایەتی سیاسی(سەرکردە) کانی باکوری کوردستان لە قۆناغی دوای جەنگ کراوە. تەوەرەی دووەمیش کە ناونیشانەکەی: ڕۆڵ و کاریگەری (سەرکردە) لە پێشهات و ڕوداوە سیاسی و سەربازییەکانی باشوری کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بە سەر دوو باس دابەشکراوە، یەکەمیان: چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت و بەڕێوەبردن و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. دووەمیشیان بریتیە لە: عەقڵی سیاسی شێخ مەحمود و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕوداو و پێشهاتە سیاسیەکان.

### ٦.١ گرنگترین سەرچاوەکان

نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە سود وەرگرتن بووە لە چەندان سەرچاوەی جۆراوجۆر، کە بەشێکیان بە زمانی کوردی و بەشەکەی دیکەش بە زمانی عەرەبین، هەندێك لە سەرچاوەکان زانیارییەکانیان دەگمەن بون و سودی زۆریان بۆ توێژینەوەکە لێوەرگیرا ، بە تایبەتی کتێبەکەی نوری دێرسیمی بە ناونیشانی (دەرسیم لە مێژوی کوردستاندا)، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە سودێکی زۆری بۆ ئەم تەوەرەیە کە تایبەتە بە ڕووداوەکانی باکوری کوردستان لێوەرگیراوە، چونکە نوسەرەکەی یەکێك بووە لە بەشداربووانی ڕوداوەکان. یەکێکی دیکە لەم سەرچاوانەی سودێکی زۆری لە ڕوی زانیارییەوە بەم توێژینەوە گەیاندووە یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمیە، ناوبراو جگە لەوەی ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی بووە هاوچەرخی ڕوداوەکانی باشوری کوردستان بووە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و بەشداری جموجۆڵ و بزوتنەوە سیاسییەکانی شێخ مەحمودی کردووە. یەکێکی دیکە لەم سەرچاوانەی سودێکی زۆریان بۆ توێژینەوەکە لێوەرگیراوە کتێبەکەی (ئیسماعیل گویڵداش)ـە بە ناوی: جەمعییەتی تەعالی کوردستان، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە زانیاری زۆر گرنگ و وردی لە سەر کەسایەتی و ڕوداوەکانی قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تێدایە، کە هەندێکیان زۆر دەگمەن و لە هیچ سەرچاوەی تر ئاماژەی پێ نەکراوە.

## ٢. بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان دوای جەنگی جیهانی یەکەم

ماوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە قۆناغێکی گرنگ و هەستیار لە مێژوی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست بە گشتی و جولآنەوەی سیاسی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە هاوکات لەگەڵ کۆتایی هاتن بە جەنگ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی کە کوردستان لە نێوانیان دابەش بوو: بەرەو لاوازی چون و پاشان هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە دوا داهات، بەمەش دەرفەتێکی گونجاو بۆ کورد هاتە پێش کە خۆی لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبینییەوە،پاڵنەری یارمەتیدەریش لە هێنانەکایەی ڕەوشێکی لەم جۆرە، جگە لە پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆیی، بڕیار و ڕێککەوتننامەکانی نێوان وڵاتانی هاوپەیمانان بو،(صابر،٢٠٠١) ؛ (اوزاغلو،٢٠١٦).
شایانی ئاماژە بۆ کردنە هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ و شکستی دەوڵەتی عوسمانی و لاوازبونی دەوڵەتی ئێرانی بۆشاییەکی سیاسی و کارگێری زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانی لەم دو دەوڵەتە گرتەوە، ئەمەش دەرفەتێکی تازە بو بۆ کورد تا ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بەرەو پێش ببات، لە باکوری کوردستان ناوچە کوردنشینەکان هیچ جۆرە دەسەلآتێکی عوسمانی یاخود تورکی تێدا نەما(شەریف، ٢٠١٤).

لە باشوریش بە هاتنی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا و پاشەکشەی سوپای عوسمانی دەرفەتێکی گونجاو بۆ کوردانی ناوچەکە سەریهەڵدا(لازاریف،١٩٩١). بە هەمان شێوە لە ڕۆژهەلآتی کوردستانیش بە هۆی لاوازی دەوڵەتی ئێرانی بۆشایەکی سیاسی و کارگێری ناوچە کوردنشینەکانی گرتەوە(صابر،٢٠٠١). بەمشێوەیە لەگەڵ کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرجەم بەشەکانی کوردستان کەوتنە بەردەم قۆناغێکی مێژویی جیاواز لە قۆناغەکانی پێشوتر.
لەگەڵ هەمو ئەو گۆڕانکاریانەش پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، هەوڵەکانی کورد لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بە ئاسایی و بێ گرفت تێپەڕ نەبو، لەبەرئەوەی کورد لە ڕوی سیاسیەوە یەك هەڵوێست و یەك دەنگ نەبو، چوارچێوەیەکی سیاسیش لە نمونەی پارتێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی کۆینەکردبونەوە، بەڵکو بە پەرتەوازەیی و لە ژێر کاریگەری پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکەی کە خۆی لە پەیوەندی خێڵەکی – ناوچەیی دەبینیەوە کار و چالاکییان ئەنجام دەدا، گرفتێکی دیکە کە لەم قۆناغە ڕوبەڕوی کورد بوبووەوە، سەرهەڵدانی دوو هێزی دیکە بو لە ناوچەکە، ئەوانیش ئەرمەنەکان و بزوتنەوەی کەمالی بون، ئەرمەنەکان ماوەیەك بو هەوڵی دەستگرتنیان بە سەر چەند ناوچەیەك دەدا کە بەشی زۆری دانیشتوانەکەی کورد بون و لە بنچینەشدا خاکی کوردان بو، لەم پرسەشدا چەند وڵاتێکی زلهێز هاوکاریان کردون، بەلآم لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەری گەورەیان بۆ سەر بارودۆخی ناوچەکە نەبو(شمو،٢٠٠٨).
لە ڕاستیدا ململانێی سەرەکی بزوتنەوەی سیاسی کورد لەم قۆناغەدا لەگەڵ بزوتنەوەی کەمالی بو، کە دوای داگیرکردنی بەشێك لە ناوچە و شارەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە ئەستانبوڵی پایتەختەوە لە ناوچە کوردنشینەکان سەریهەڵدا و لە ماوەیەکی کورت بو بە هێزێکی گەورە (Koçaş،١٩٧٦). سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی کورد، وەك پێشوتر ئاماژەی پێدرا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد لەم قۆناغەدا لە سەر بنچینەی خێڵەکی – ناوچەیی دامەزرا بو، لەم سۆنگەوە ناوەندی هێز خێڵ و هۆزەکان بون، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورەی هەبو لە پەرتەوازەکردن و دابەشکردنی کۆمەڵگای کوردی و زەقکردنەوەی ناسنامە و بەرژەوەندی خێڵەکی و هۆزایەتی، گومانی تێدا نیيە ئەمەش لەم قۆناغەدا خاڵێکی لاوازی بزوتنەوەی سیاسی کورد بو،

چونکە بە هۆی ئەم هەڵومەرجی کۆمەڵآیەتییەوە بەشێك لە هۆز و عەشیرەتە کوردەکان ڕاستەوخۆ کەوتنە خزمەتی سیاسەتەکانی بزوتنەوەی کەمالی (شەریف، ٢٠١٤).

## ٣. ڕۆڵ و کاریگەری(سەرکردە) سیاسی و سەربازییەکانی کورد لە باکوری کوردستان لە پێشهات و ڕوداوەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم

سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت (سەرکردە) سیاسی و سەربازییەکانی کورد لە باکوری کوردستان لە قۆناغی دوای تەواوبونی جەنگ ئەوەندەی (سەرکردە) ی لۆکاڵی و ناوچەیی بوین ئەوەندە (سەرکردە) ی سەرتاسەری نەبوین، لەبەر هەندێ هەڵوێست و بڕیاری هەر یەکێکیان بە تەنیا کاریگەری بۆ سەر تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی باکور نەبو، ئەمەش زیاتر بۆ ئەو هەڵومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابورییە گەڕاوەتەوە کە ئەو کات کوردستان پێدا تێپەڕیوە، لەم سۆنگەیەشەوە بو بەشی زۆری (سەرکردە) کان ئەندامی چەند بنەماڵەیەکی ناوداری کورد بون کە لە ئەستانبول نیشتەجێبوون[1]، بەڵام سەرباری ئەم دۆخەش ڕۆڵ و چالاکییە سیاسیەکانیان کەم تا زۆر کاریگەری ئەرێنی یاخود نەرێنی بۆ سەر چارەنوسی سیاسی کورد هەبووە، چونکە لەم قۆناغەدا ئەوان دیارترین سەرکردەی کورد بون لە گۆڕەپانەکەدا.

### ١.٣ ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی(سەرکردە) کانی کورد لە دامەزراندن و کارکردنیان لە کۆمەڵەی تەعالی کوردستان[2]

وەك پێشوتر ئاماژەی بۆ کرا، دیارترین (سەرکردە) کانی کورد لە باکوری کوردستان لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەندامانی چەند بنەماڵەیەکی ناودار بون و بەشی زۆری ئەوانەش لە ئەستانبول نیشتەجێبون، بە تایبەتی ئەندامانی هەردو بنەماڵەی بەدرخانییەکان و شەمزینیەکان لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری دیکە. شایانی ئاماژە بۆ کردنە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی ئەم (سەرکردە) کوردانە کە ماوەیەکی کەم دوای کۆتایهاتنی جەنگ لە ئەستانبول ئەنجامیاندا دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی بو بە ناوی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) کە هەر یەك لە شێخ عەبدولقادری شەمزینی وەك سەرۆك و ئەمین عالی بەدرخان وەك جێگری سەرۆك دەستنیشانکران (گویڵداش، ٢٠١١).
لە ڕاستیدا دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە بە هەنگاوێکی سیاسی گرنگ و ئەرێنی قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهان لە قەڵەم دەدرێت و وەك پڕۆژەیەکی پێویستیش بۆ پێشخستنی بارودۆخی سیاسی ئەو کانەی کورد لێکدەدرێتەوە، بەمپێیەی هەنگاوێك بو بۆ کۆتاییهێنان بەو پەرتەوازە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کورد، کە لە سایەی سیستەمی خێڵەکی- ناوچەیی باڵی بە سەر کوردستاندا کێشابو، هەروەها هەوڵێکی گرنگیش بو بۆ نزیکخستنەوەی هەڵوێستی کوردانی سوننە مەزهەب و کوردانی عەلەوی و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی (دەرسیمی، ٢٠٠١).

لەگەڵ هەمو ئەو لایەنە ئەرێنیانەی ئاماژەی بۆ کرا پێویستە ئەوەش بخرێتەڕو، ئەم پڕۆژە گرنگەی (سەرکردە) کانی باکوری کوردستان لە ڕوی تێڕوانین و تێگەیشتنی سیاسیەوە بێ کەم و کوڕی نەبو، لەم سۆنگەیەی هەڵسەنگاندنیان بۆ بارودۆخی ناوەخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و پارسەنگی هێز لە جێگای خۆیدا نەبووە، بۆیە بە وردبونەوە لە هەنگاوەکانیان دەردەکەوێت ڕوبەڕوی چەند هەڵەیەکی سیاسی بونەتەوە کە جێگای خۆیەتی بە وردی هەڵوەستەیان لە سەر بکرێت،وەك: دیاریکردنی (ئەستانبول) بە ناوەند و مەڵبەندی سەرەکی چالاکیە سیاسی و دبلۆماسیەکانیان و پەراوێزخستنی ناوچە کوردنشینەکان(گویڵداش، ٢٠١١) ، ئەمەش لە کاتێکدا بو کە بەشێکی زۆری ناوچەکانی باکوری کوردستان بە بۆشایەکی سیاسی و سەربازی و کارگێری تێپەڕدەبو(صابر، ٢٠٠١) ، وەك دەردەکەوێت ئەم هەڵوێستەشیان لەم گۆشەنیگاییەوە سەرچاوەی گرتبو کە پێیان وابو چارەنوس و چارەسەری پرسی کورد تەنیا لە ڕێگای وڵاتە زلهێزەکانەوە دەستەبەر دەبێت و دامەزراندنی هێزێکی کاریگەر لە ناوچە کوردنشینەکان بایەخێکی گەورەی لە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان و یەکلاکردنەوەی ململانێیەکان نابێت، بەڵام دواجار و بە تێپەڕبونی کات دەرکەوت ئەم تێڕوانینە سیاسیەیان پێچەوانەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردە، بە تایبەتی ئەو کانەی هەلومەرجەکە لەلایەن(مستەفا کەمال) [3] قوستراپەوە و بزوتنەوەیەکی بەرەنگاری ناسیونالیزمی لە بەرگی نیشتمانی –ئاینی تێدا دامەزراند و بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچە کوردنیشینەکانی – بە تایبەتی سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکانی- لە بەرژەوەندی بزوتنەوەکەی خستەگەڕ(Şener، ٢٠٠٦ ).
وەك ئاماژەی بۆ کرا، ئەو کارانەی کە لە بنچینەدا ئەرکێکی نەتەوەیی (سەرکردە) کوردەکان بو تا لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچە کوردنشینەکان ئەنجامی بدەن،(مستەفا کەمال) ئەنجامیدا. ڕەنگە جوڵانەوەی (مەلاتیە) باشترین بەڵگەی کرداری بێت بۆ گوزارشت کردن لە پێشهاتە سیاسییەکانی ئەم قۆناغە کە بە خاڵێکی لاوازی سیاسەتی (سەرکردە) کانی کورد لە قەڵەم دەدرێت، ئەم جولآنەوەیە کە بە گەشتێکی (مێجەر نوئێل) [4] ی ئەفسەری بەریتانی و ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بۆ ناوچەکانی مەلاتیە لە ئەیلولی ( ١٩١٩ ز) دەستپێیکرد، بە دەستپێشخەری و هاندانی بەریتانیەکان بو، هەرچەندە هۆکاری پشت ئەنجامدانی جوڵانەوەکە فشاری سیاسی و سەربازی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی بزوتنەوەی کەمالی بو، کەچی لە ماوەیەکی کورتدا توانرا ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك خێڵ و عەشیرەت و کەسایەتی دیار لە جوڵانەوەکە کۆبکرێتەوە و چەند کۆبونەوەیەکی تایبەتیش بە مافەکانی کورد ئەنجام بدرێت، بەڵآم لەگەڵ هەمو ئەمانەش دواجار لە بەرامبەر فشار و هێزی سەربازی کەمالییەکان خۆی پێنەگیرا و پاشەکشەیان کرد (لازاریف، ١٩٩١).

هەرچۆنێك بێت ڕوداوەکانی ئەم جولانەیەوە چەند ڕاستیەکیان دەرخست کە شایانی هەڵوەستە لە سەر کردنن، یەکەم: کاریگەری چالاکی سیاسی (سەرکردە)کوردەکان لە ناوچەی کوردنشینەکان، وەکو پێشوتریش ئاماژەی بۆ کرا تەنیا چەند ئەندامێکی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان هاوەڵی(مێجەر نۆئێل) یان بەرەو ناوچەکانی (مەلاتیە) کرد کەچی لە ماوەیەکی کورتدا توانیان ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و جموجۆڵ و چالاکی سیاسیش ئەنجام بدەن(نۆئێل، ١٩٨٤). لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانرێت شیمانەی ئەوە بکرێت :سەرکردە کوردەکانی باکوری کوردستان ئەگەر لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی کە لە ئەستانبول کاری سیاسیان ئەنجام دەدا ڕاستەوخۆ ڕویان لە ناوچە کوردنشینەکان بکردایە وبە کاری ڕێکخستن و چالاکی سیاسی خەرك بونایە، ئەوا پارسەنگی هێز لە باکوری کوردستان لە بەرژەوەندی کورد دەشکایەوە و ئەو کات مامەڵەی دەوڵەتە زلهێزەکانیش بەرامبەری شێوازێکی دیکەی لە خۆدەگرت، کوردیش دەبو بە ژمارەیەکی قورس و هاوکێشە سیاسیەکانیش بە شێوەیەکی جیاوازتر لەوەی دەرکەوت، ڕویدەدا.
یەکێکی دیکە لە هەڵوێستی (سەرکردە) کانی ئەم جولانەوەیە و سەرکردایەتی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بە گشتی کە شایانی هەڵوەستە لە سەر کردنە، هەنگاونەنانە بە

ئاڕاستەی کاری هاوبەش و هەماهەنگی دروستکردن لە نێوان جموجۆڵەکانی کوردە عەلەوییەکانی دێرسیم و کۆچگیری[5] لەگەڵ جولانەوەی مەلاتیە، بە تایبەتی کە کوردە عەلەوییەکان لە : کۆچگیری و دێرسیم هاوکاتی جولانەوەی مەلاتیە جموجۆڵی سیاسی و سەربازییان دەستپێکرد بو، تەنانەت ماوەیەك بو خەریکی دامەزراندن و ڕێکخستنی هێزی چەکداری بون (هاوار،٢٠٠٦) ، هاوکات بونی ئەم جموجۆڵانە بو مەترسی لای(مستەفا کەمال) دروستکرد و هەوڵیدا بە هەر نرخێك بێت ڕێگری لە پێشهاتێکی وا بکات، بۆ ئەمەش دیدارێکی بە پەلەی لەگەڵ یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی کوردانی عەلەوی بە ناوی (عەلیشان) ڕێکخست (مراد،١٩٩٤).

هەرچۆنێك بێت دوا جار ڕوداوەکان بە شێوەیەك نەکەوتەوە کە چاوەڕوان دەکرا، واتە هیچ هەماهەنگیەك لە نێوان ئەم دوو جولآنەوەیە ڕوینەدا، ئەمەش چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بو، لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگای چەند پرسیارێکەوە بابەتەکە ڕونتربێتەوە. بۆچی ئەوەی(مستەفا کەمال) و کەمالییەکان وەك مەترسیەکی گەورە سەیریان دەکرد – پەیوەندیکردنی کوردە عەلەوییەکان بو بە بزوتنەوەی مەلاتیە- ڕوینەدا؟ کە بە هەمو پێوەرێك دەبو ڕوبدات، چونکە ئەوەی (سەرکردە) کوردەکان لە جولانەوەی مەلاتیە هەوڵیان بۆ دەدا هەمان ئامانج لە ناو کوردە عەلەوییەکان بانگەشەی بۆ دەکرا، هەروەها شوێنی جوگرافیای هەردو ناوچەکە بە سەر یەکەوە بون و هاوسنور بون. لەمانەش گرنگتر بۆچی (مستەفا کەمال) داوای بینین و دیداری سەرکردەی کوردە عەلەوییەکانی کرد، بەلآم (سەرکردە) کانی جولآنەوەی مەلاتیە ئەم کارەیان ئەنجام نەدا؟ لە کاتێکدا ئەوان لەگەڵ سەرکردەکانی دێرسیم و کۆچگیری لە چوارچێوەی یەك ڕێکخراوی سیاسی –کۆمەڵەی تەعالی کوردستان – ئەندام بون و پێکەوە کاریان دەکرد و خاوەنی یەك پرۆژەی سیاسی بون. ڕەنگە بتوانرێت وەلآمی هەمو ئەو پرسیارانە لە دو خاڵ کورت بکرێتەوە، یەکەم: ئاستی تێگەیشتن و تێڕوانینی مستەفا کەمال لە کاری سیاسی جیاوازی بو لە ئاستی تێگەیشتن و تێڕوانینی سەرکردەکانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، ئەوەی یەکەمیان لە سیاسەتدا دوربینتر و چالاکتر بووە و وردتر نەخشەی بۆ کارەکانی کێشاوە. دووەم: سەرباری هەستیاری بارودۆخەکە و پێکەوە کارکردنیان لە چوارچێوەی یەك ڕێکخراوی سیاسی، بەڵام هێشتا پەیوەندی نێوان کوردە عەلەوییەکان و کوردە سونەکان نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کار و چالاکی هاوبەش لە ناوچەکانی یەکتر ئەنجام بدەن.

## ٢.٣ ئاست و کەسایەتی سیاسی(سەرکردە) کانی باکوری کوردستان لە قۆناغی دوای جەنگ

دیارترین سیمای سیاسی و کەسایەتی(سەرکردە) کوردەکانی باکوری کوردستان لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بریتی بو لە: ناڕونی ئامانجی سیاسی و خۆتەرخان نەکردنی تەواو بۆ پرسی نەتەوەیي و تێکەڵکردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان بە بەرژەوەندییە گشتیەکان، لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ئەم تایبەتمەندییانە لە سیاسەت و کەسایەتی(سەرکردە) کوردەکانی باکور لاوازبونی بزوتنەوەی سیاسیی ئەم بەشەی کوردستانی بە دوای خۆیدا هێنا و ڕێگربوو لە بەردەم دروستبوونی گوتارێکی سیاسی یەکگرتو.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم بابەتە سەرەتا هەوڵدەدەین کەسایەتی سیاسی شێخ عەبدولقادری شەمزینی سەرۆکی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و یەکێك لە دیارترین(سەرکردە) کانی باکور بە نمونە وەرگرین و لێکدانەوەیەکی زانستیانەی بۆ بکەین. شێخ عەبدولقادر هاوکات لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بو، ئەندامی ئەنجومەنی پیران و سەرۆکی (ئەنجومەنی شورا) ش بووە لە دەوڵەتی عوسمانی و هاوسۆزییەکی زۆریشی بۆ پۆستی خەلافەت هەبو (اوزاغلو،٢٠١٦). لە ڕاستیدا بونی کارەکتەرێکی سیاسی لەمشێوەیە کە لە یەك کاتدا پابەندبونی بە چەند ڕەوتێکی سیاسی جیاواز هەبوبێت و هەر یەك لەم ڕەوتە سیاسیانەش خاوەنی ئامانجی سیاسی جیاواز و بەرنامە و بەرژەوەندی سیاسی تایبەت بە خۆیان بوبن، ئەوە بە دڵنیاییەوە هەڵوێستی ڕون و لۆژیکانە لە کار و چالاکیە سیاسییەکانی ئەم کەسایەتیە ڕەنگناداتەوە و هەنگاوە سیاسیەکانیشی لەگەڵ ئامانجە نەتەوەییەکان هاوتەریب نابێت و مۆرکی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیش لە هەڵوێستەکانی دەردەکەوێت.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەی لە سەرچاوە مێژوییەکان بە گشتی سەبارەت بە هەڵوێست و بۆچونی سیاسی شێخ عەبدولقادر لە کاتی ئەنجامدانی چالاکی و هەنگاوە سیاسییەکانی تێبینی دەکرێت دەتوانرێت لە چەند خاڵێك بخرێتەڕوو، کە بریتین لە: دڵسۆزی بۆ خەلافەت، بە دەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی نەوەك سەربەخۆیي،هەوڵدان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی وەك: دانانی بە فەرمانڕەوای کوردستان، لە هەمان کاتدا لاری نەبووە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەو مەرجەی بە بڕیار و پشتگیری تەواوی ولآتێکی زلهێزی وەك بەریتانیا بێت (صابر،٢٠٠١ ؛ اوزاغلو، ٢٠١٦).

لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێست و بۆچونانەی شێخ عەبدولقادر جگە لە پەرتەوازەیي، دوریشە لە هەڵوێستێکی سیاسی ڕون، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی گەڕاوەتەوە، کە خۆی لە پاراستنی پۆست و جیاوکەکانی لە دەوڵەتی عوسمانی بینیوەتەوە. هەرلەم سۆنگەیەوەش بووە ناوبراو نەیتوانیوە بە ڕاشکاوی گوزارشت لە بیروبۆچون و هەڵوێستە سیاسیەکانی خۆی بۆ ڕۆژنامەکانی ئەستانبول –ئەوانەی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بون- بکات. لەلایەکی دیکە هەر ئەم هەڵوێست و بۆچونە سیاسیانە بون بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ فراوانبونی ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، لەم گۆشەنیگایەی بەشێك لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بە سەرکردایەتی ئەمین عالی بەدرخان کە لایەنگری سەربەخۆیي کوردستان بون دژی بۆچونەکانی شێخ عەبدولقادر وەستانەوە، بە تایبەتی لە سەر پرسی سەربەخۆیي، بەمشێوەیە و بە تێپەڕبونی کات ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوان ئەم دو ڕەوتەی ناو کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ئاڵۆزتر دەبو، تا دواجار لەگەڵ بلآبونەوەی ڕێککەوتننامەکەی نێوان (شەریف پاشای خەندان) ی نوێنەری کورد و (نۆبار بۆغوس پاشا) ی نوێنەری ئەرمەن لە کۆنگرەی ئاشتی بە تەواوی تەقیەوە، ئەمەش دوای ئەوەی(ئەمین عالی) و هاوبیرەکانی ڕەزامەندی خۆیان بۆ ڕێککەوتنەکە نیشاندا، لە بەرامبەردا شێخ عەبدولقادر و هاوەڵەکانی هەڵوێستی دژیان وەرگرت و تەنانەت شێخ عەبدولقادر لە ڕۆژنامەکان بەمشێوەیە گوزارشتی لە تێروانینی خۆی بەرامبەر ڕێککەوتنەکە کردووە: لەم بارودۆخە نالەبارە لە کوردەکان ناوەشێتەوە زیان بە تورکەکان بگەینن، پێویستە لەم کاتەدا یارمەتی تورکەکان بدەین(دەرسیمی، ٢٠٠١ ؛ گوێلداش،٢٠١١).

شایانی ئاماژە پێدانە ناکۆکییەکان بەردەوام لە پەرەسەندندا بو تا دواجار لە هەڵومەرجێکی زۆر هەستیار کە پرسی کورد پێدا تێپەڕ دەبو، جیابوونەوەی بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ڕویداو، ئەو ڕەوتە سیاسییەی دژ بە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمي خوازی شێخ عەبدولقادر بون لە کۆمەڵە چونە دەرەوە و ڕێکخراوێکی دیکەیان بە ناوی کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتماعی دامەزراند(شێرکۆ، ١٩٩٢). یەکێکی دیکە لە ڕوداوە گرنگەکانی ئەم قۆناغە مێژوییەی باکوری کوردستان کە ڕۆڵ و کەسایەتی(سەرکردە) کوردەکانی تێدا دەردەکەوێت و شایانی هەڵسەنگاندنە

ڕاپەڕینی (کۆچگیری) یە، ئەم ڕاپەڕینە کە لە ساڵی (١٩٢٠) و بە دیاریکراوی دوای پەیمانی سیڤەر دەسپێکرد و تا ناوەڕاستی (١٩٢١) بەردەوام بو، سەرەتا لەلایەن کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بەرنامەڕێژی بۆ کرا بو، بە تایبەتی ئەندامانی کوردی عەلەوی ناو کۆمەڵەکە، لەوانە: عەلیشان-عەلیشێر- حەیدەر بەگ – نوری دێرسیمی، کە دانیشتوی ناوچەکە و دەوروبەری بون(شەریف، ٢٠١٤). لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیە بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە ئامانجی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بێهۆکار نەبو، ناوچەی کۆچگیری کە بەشی زۆری دانیشتوانەکەی لە کوردە عەلەوییەکان پێکدەهات، بە درێژایی حوکمڕانی عوسمانیەکان ڕوبەڕوی چەوسانەوە بوبونەوە و هیچ هێزێکی عوسمانی یاخود تورکی تێدا نەما بو، بۆیە دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەرجەم ناوچە کوردنشینەکانی دیکەی باکور ئامادەییان بۆ ڕاپەڕین تێدا بوو(ابوبکر،٢٠٠١).

خاڵی لاوازی (سەرکردە) کانی کۆچگیری لە ڕاپەڕینەکە، هەر لە سەروبەندی ئامادەکارییەکانەوە دەستپێکرد، کاتێك لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٢٠) بە هۆی هاتنی وەرزی زستان و کەوتنی بەفر، بڕیار درا ڕاپەڕینەکە بۆ بەهاری ساڵی (١٩٢١) دوابخەن، دەرفەتێکی گونجاو بۆ سەرپەرشتانی ڕاپەڕینەکە هاتە پێش تا سود لەم ماوەیە وەربگرن و ئامادەکاری سەربازی ئەنجام بدەن و نەخشە و پلانی تۆکمە دابڕێژن. کەچی هاوکێشەکە پێچەوانە کەوتەوە و حکومەتی ئەنقەرە سەرباری هەمو کێشەکانی و سەرقاڵبونی بە شەڕ لە چەندان بەرەی جەنگ،باشتر دەرفەتەکەی قۆزتەوە و لەلایەك خەریکی هێنانی هێزی سەربازی بو بۆ ناوچەکانی دەوروبەری کۆچگیری، لەلایەکی دیکە کەوتبووە هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی بەشێك لە سەرۆك هۆزەکان بە لای خۆیدا، لەم چوارچێوەیەش ژمارەیەك لە کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەکەی کرد بە ئەندام لە (ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە) (جلیل، ٢٠٠٢).

لەم هەنگاوەدا حکومەتی ئەنقەرە مەبەستی بو ناوەندێکی دیکەی دەسەڵات بەرامبەر دەسەڵاتی سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە دروست بکات، دواجار سەرکەوتو بو لە پەرتەوازەکردن و دابەشکردنی زیاتری هەڵوێستی سیاسی لە کۆچگیری. لە بەرامبەردا(سەرکردە) کوردەکانی کۆچگیری هیچ جموجۆڵ و چالاکییەکی سیاسی و سەربازییان لەم ماوەیەدا نەبو، ئەمەش یەکێکی دیکە بو لەم خاڵە لاوازانەی (سەرکردە)کوردەکان کە بەردەوام لە بەرامبەر دوژمنەکانیان کەم ئەزمونتر دەردەکەون.

خاڵێکی دیکەی لاوازی (سەرکردە) کانی کۆچگیری، پابەند نەبونیان بو بە وادەی دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە، ئەوان لە بنچینەدا لەگەڵ سەرکردەکانی ناوچەی دێرسیم ڕێککەوتبون دوای کۆتایی هاتنی وەرزی زستان جموجۆڵی چەکداری دژی سوپای تورك دەستپێبکەن، چونکە لە وەرزی زستاندا هەمو ڕێگاکانی نێوان کۆچگیری و ناوچە کوردنشینەکانی دەوروبەری بە بەفر دەگیرێت و ناتوانرێت هیچ یارمەتیەکیان بۆ ڕەوانە بکرێت (دەرسیمی، ٢٠٠١). کەچی سەرباری ئەمەش جموجۆڵی سەربازی و هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی تورك لە سەرەتای ساڵی (١٩٢١) وە دەستپێکرد، هەرچەندە سەرکردەکانی دێرسیم ئاگاداری سەرکردەکانی کۆچگیرییان کردەوە کە لەم کاتەدا ڕاپەڕین ئەنجام نەدەن و پەیوەست بن بە وادەی دیاریکراو، بەڵام سەرکردەکانی کۆچگیری نەگوێیان لە پەیامەکەی دێرسیم گرت و نە پابەندبون بەم پلانەی پێشوترلە سەری ڕێککەوتبون، بەمەش کەوتنە هەڵەیەکی گەورە، هۆکاری سەرەکی ئەوەش وەك یەکێك لە بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە ئاماژەی پێداوە، بریتی بووە لەم باوەڕە بێنەمایەی سەرکردەکانی کۆچگیری توشی هاتبون کە پێیان وابو بە تەنیا دەتوانن سەربەخۆیی کوردستان بە دەست بێنن(دەرسیمی، ٢٠٠١).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە کاتێك ڕاپەڕینی کۆچگیری دەستپێکرد، سەرکردەکانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بە هۆی سەرقاڵبونیان بە کێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکان نەیانتوانی سەرپەرشتی بکەن و گرنگی پێبدەن، لە سەر ئاستی ناوچەکەش سەرکردە لۆکاڵیەکان – کە زۆربەیان سەرۆك هۆز یان خێڵ یاخود عەشیرەت بون – لەگەڵ ئەوەی چەند کۆبونەوەیەکیان وەك ئامادەکاری و پەیمان بەستن ئەنجامدا بو، بەڵام بە هۆی زاڵبونی عەقڵیەتی خێڵەکی ناوچەیی نەتوانرا بو یەکێك لە سەرکردەکان وەك ڕێبەری ڕاپەڕینەکە دیاریبکەن، ئەمەش هۆکارێك بو بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکە لە ڕوی ڕێکخستنەوە لاواز بێت و نەبێتە خاوەن ناوەندێکی بڕیاردان تا سەرجەم هێزەکان پابەندبونیان بۆی هەبێت، بەڵکو هەر سەرۆك خێڵێك لە ناوچەکەی خۆی بڕیار بە دەست بووە و هەر کاتێك پێی باش بو بێت بەبێ ڕاوێژ و گەڕانەوە بۆ هێزەکانی دیکە هێرشی سەربازی ئەنجام داوە، هەر کاتێکیش بە پێویستی زانیبو بێت شەڕی ڕاگرتووە، باشترین بەڵگەش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە هەڵوێستەکانی (حەیدەر بەگ) ە کە لە ماوەی ڕاپەڕینەکە بەبێ پرس و گەڕانەوە بۆ هێزەکانی دیکە دو جار شەڕی ڕاگرتووە، بەمەش زیانی گەورەی بە ڕاپەڕینەکە گەیاند(هسرتیان، ١٩٨٧ ؛ جلیل، ٢٠٠٢). بەمشێوەیە ڕاپەڕینەکە سەرەڕای ئەو هەلومەرجە گونجاوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بۆی هەڵکەوت بە هۆی نەبونی سەرکردەیەك کە لە ئاستی هەلومەرجەکە بێت شکستی هێنا.

## ٤. ڕۆڵ و کاریگەری(سەرکردە) لە پێشهات و ڕوداوە سیاسی و سەربازیەکان لە باشوری کوردستان دوای جەنگی جیهانی یەکەم

سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت ئەزمونی سیاسی لە باشوری کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە گەلێك ڕوەوە جیاوازی لەگەڵ ئەزمونی سیاسی باکوری کوردستان هەبووە، وەك: بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان لەم قۆناغەدا تەنیا خۆی لە چەند جوڵانەوە و ڕاپەڕینێکی سەربازی و چالاکی سیاسی و دبلۆماسی نەبینیوەتەوە، بەڵکو ئەزمونی خۆبەڕێوەبردن و حوکمڕانی و تەنانەت پێکهێنانی چەند حکومەتێکی لە خۆگرتووە. جیاوازییەکی دیکەی ئەزمونی سیاسی باشور گەڕاوەتەوە بۆ دەرکەوتنی(سەرکردە) یەك کە کارەکتەری سەرەکی سیاسی و سەربازی سەر گۆڕەپانی ئەم بەشەی کوردستان بووە ئەویش شێخ مەحمود بو.

ناوبراو کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی باوك و برایەکی بە پیلانی تورکە ئیتحادیەکان لە شاری موسڵ کوژرا بون، هاوسۆزیەکی زۆری لەلایەن خەڵکەوە پەیدا کردبو، ئەو نوێنەری هۆزێك یان عەشیرەتێکی دیاریکراو نەبو، بەڵکو دەستەڵاتی زۆر لەوان فراوانتر بو، نوێنەرایەتی بنەماڵەیەکی ئاینی بەناوبانگی دەکرد کە ڕێبەری تەریقەتی بەرزنجی بون لە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری. لەلایەکی دیکە هۆز و عەشیرەتەکانی ناوچەکە بە هۆی ناکۆکی و ململانێی نێوانیان پەرتەوازە بوبون و ڕۆڵیان نەما بو، چینی بورژوای تازە پێگەیشتوی شاریش لەوە لاوازتر بو ببێتە پێشەنگی خەڵك، بەمشێوەیە بارودۆخێکی تایبەت بۆ شێخ مەحمود هاتبووە پێش تا سەرکردایەتی بزوتنەوەی سیاسی و سەربازی بەشێکی فراوانی باشوری کوردستان بکات (مەردۆخی، ١٩٩٩).

هەر لەم سۆنگەیەوە ئەم تەوەرە تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵ و هەڵوێستە سیاسییەکانی، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت لەگەڵ ئەوەی ناوبراو کاریگەری گەورەی لە سەر ڕەوش و بارودۆخی سیاسی لە باشوری کوردستان بە گشتی هەبووە، بەڵام ڕۆڵی سیاسی لە سەر هەمو ناوچەکانی باشوری کوردستان وەك یەك نەبووە، بەڵکو

زیاتر ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیانی گرتۆتە و کەمتر کاریگەری بە سەر ناوچەکانی هەولێر و بادینان هەبووە. لە ڕاستیدا ئەزمونی(سەرکردە) بون لە شێخ مەحمود ئەزمونێکی دەوڵەمەندە لە دەستەڵاتداری، چونکە جگە لەوەی بۆ ماوەیەکی دور و درێژ سەرکردایەتی جولانەوە و ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستانی کردووە (سێ) حکومەتی بە دوای یەکدا لە سلێمانی پێکهێناوە، بۆیە بۆ خستنەڕوی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕون، هەوڵدەدەین ئەزمونی(سەرکردە) بونی شێخ مەحمود لە دو ئاستدا هەڵسەنگێنین ئەمانیش بریتین لە : کاروباری ناوەخۆ، کە خۆی لە چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتەکان و بەڕێوەبردن و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. دووەمیان: عەقڵی سیاسی شێخ مەحمود و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕوداو و پێشهاتە سیاسییەکان.

## ١.٤ کاروباری ناوەخۆ: چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتەکان و بەڕێوەبردن و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگا

سەبارەت بە وێستگەی یەکەم کە خۆی لە ئەزمونی حوکمڕانی شێخ مەحمود وەك (سەرکردە) یەك لە خۆگرتووە، لەم کاتەوە دەستپێدەکات کە هێزەکانی بەریتانیا لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی (١٩١٨) بۆ جاری دووەم دەستیان بە سەر شاری کەرکوك داگرت و سەرەتای پەیوەندی نێوان کورد و بەریتانیا دروستبو، ئەمەش دوای ئەوەی شێخ مەحمود پەیوەندی پێوەکردن و داوایکرد یارمەتی بدەن (حیلمی، ١٩٥٦) ، بۆ ئەمەش مێجەر نوئێل لە ڕێککەوتی ١٦ی تشرینی دووەمی (١٩١٨) گەیشتە شاری سلێمانی و بۆ ڕۆژی دواتر لە کۆبونەوەیەکی فراوان لە بەردەرکی سەرا بە نوێنەرایەتی حکومەتی بەریتانیا شێخ مەحمودی وەك حوکمداری ناوچەکانی نێوان زێی بچوك و ڕوباری سیروان دیاریکرد و بۆ ئەمەش پرسی دامەزراندنی حکومەتێکی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانەی ئاماژەی پێدرا خرایە ئەستۆی شێخ مەحمود (أبوبکر، ٢٠٠٢).

هەرچەندە دەستەڵاتی ئەو حوکمدارییەی بە ڕەزامەندی کاربەدەستانی بەریتانیا لە عێراق بۆ کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود پێکهێنرا هەمو شار و ناوچەکانی باشوری کوردستانی نەگرتەوە، بەڵآم دەکرا ئەم پرۆژەیە وەك هەنگاوێکی سیاسی گەورە بۆ بنیادنانی حوکمڕانی سەربەخۆبونی کورد لێکبدرابایەوە و بکرایە بە بەردی بناغەی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد، بەڵام تێڕوانینە سیاسیەکان بەم ئاڕاستەیە نەبو بە تایبەتی کە شێوازی سیاسی مامەڵەکردنی شێخ مەحمود لەگەڵ هێزەکانی دیکە لە گۆشەنیگای بەکارهێنانی لۆژیك و هونەری سیاسەت سەرچاوەی نەگرتبو، بۆیە هەستیاری ئەم قۆناغە بە تەواوی ڕەچاو نەکرا.

سەرەتا ئەگەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتەکان بخرێتەڕو، تێبینی ئەوە دەکرێت شێخ مەحمود دەستەڵاتی تا ڕادەیەك بۆ بەرژەوەندی خانەوادە و کەسە نزیکەکانی بەکارهێناوە، ئەوەتا لە پێکهێنانی یەکەم حکومەت کە لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩١٨) دا دامەزرا، جگە لەخودی خۆی کە حکومدار بووە، هەر یەك لە شێخ قادری برای کردۆتە فەرماندەی گشتی سوپا(سوپا سالار) و سەید حەسەنی مامی حاکمی گشتی(قازی شەرع) و سەید عومەری مامی کراوە بە موتەسەریفی سلێمانی، هەروەها لەم پێنج قەزایەی سەر بە ناوچەکانی حوکمرانیەکەی بووە، دوو لەم قەزایانە خزمە نزیکەکانی تێدا کراون بە قائمقام، ئەوانیش(شێخ محەمەد غەریبی) زاوای لە شارباژێر و (شێخ ئەمین سەندۆڵانی) لە ڕانیە (ساڵح،٢٠٠٦). لە حکومەتی دووەمیش کە دوای هێنانەوەی شێخ مەحمود لەلایەن بەریتانیاوە لە دورخراوەیی لە ١٠ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٢) پێکهێنرا(بانگی کوردستان، ١٩٢٢) ، بە هەمان شێوەی پێکهێنانی حکومەتی یەکەم بەشی زۆری پۆستە گرنگەکان بە خانەوادە و کەسە نزیکەکانی دراوە، لەم حکومەتە جگە لەوەی خۆی کرد بە مەلیکی کوردستان، شێخ قادری برای سەرۆکی حکومەت و سوپا سالار بووە، شێخ محەمەد غەریبی زاوای وەزیری ناوەخۆ بووە، سەید عومەری مامی موتەسەریفی سلێمانی بووە. لە حکومەتی سێیەمیش کە لە تەموزی (١٩٢٣) پێکهێنراو نزیکەی ساڵێکی خایاند، خۆی سەرۆکی حکومەت و شێخ محەمەد غەریبی زاوای سوپا سالار و وەزیری ناوەخۆ بووە(ساڵح،٢٠٠٦ ؛ صابر، ٢٠٠٧).

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، پێکهێنانی هەر یەك لەم حکومەتانە بەمشێوازە لەلایەن شێخ مەحمودەوە لە کاتێکدا بووە کە چەندان ئەفسەر و خوێندەواری کورد لە ئەستانبول گەڕابونەوە کوردستان و ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاریان بە خەڵکانی دیکەی ئەو سەردەمە بەراورد نەکراوە و ئامادەیي تەواویشیان بۆ هاریکاریکردنی شێخ مەحمود تێدا بووە، بەڵام وەك ئاماژەی بۆ کرا لە پێکهێنانی حکومەت و بەڕێوەبردنی ئەو یەکە کارگێریانەی دامەزران بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت بەشداریان پێنەکراوە، ئەمەش کۆسپێکی گەورە بو لە بەرەوپێشبردنی ڕەوشی کارگێڕی و سیاسی ئەو قۆناغەی باشوری کوردستان. وەك دەردەکەوێت هۆکاری سەرەکی پشت ئەم ئاڕاستەیە لە کارکردن بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە شێخ مەحمود ئەوەندەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیری خێڵەکی – عەشائری، کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیری نەتەوەیي، هەر ئەمەش هۆکار بوو تا هاوسەنگی هێز لەم قۆناغدا لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە بشکێتەوە کە نوێنەرایەتی بیری خێڵەکی و عەشائیریان کردووە و (ڕەفیق حیلمی) لە یاداشتەکانیدا بە جل خوارەکان ناوی بردون، ئەمانە لە دەوروبەری شێخ مەحمود بونە و بەشی زۆری دەستەلآتەکانیان لە دەست بووە، تەنانەت کاریگەریان لە سەر هەڵوێستە سیاسیەکانی هەبووە و لە زۆربەی ڕوداوەکان بڕیاری هەڵەیان پێداوە. لە بەرامبەردا گروپێکی دیکە کە بریتی بون لە ژمارەیەك ڕۆشنبیر و ئەفسەری خوێندەوار کە لە سەرچاوەکان بە (مونەویرین) ناسراون بە گشتی لە بارودۆخێکی خراپ بونە و گوێیان لێنەگیراوە(حیلمی،١٩٥٦).

لە ڕاستیدا وەك لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێدراوە مونەویرەکان لەگەڵ ئەوەی زۆر بە دڵسۆزی ئامادەیي خۆیان نیشانداوە تا بە هەمو توانایەك بەشداری حوکمڕانیەکەی شێخ مەحمود بکەن، کەچی لە بەرامبەردا ڕێز لە تواناکانیان نەگیراوە، بە تایبەتی شێخ قادری سوپا سالار و برای شێخ مەحمود ڕقی زۆری لە منەویرەکان بووە و وەك دوژمن سەیری کردون. ڕەنگە ئەم ڕەفتارەی تا ڕادەیەکی زۆر وەك کێشەیەکی دەرونی لێکبدرێتەوە کە ئاستی تێگەیشتن و خوێندەواری منەویرەکان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنانەت ڕێکپۆشیەوە بەراورد نەکراوە بە چینە خێڵەکیەکە، ئەمەش بۆ چینی دەسەڵاتدار مەترسیەکی گەورە بو بە تایبەتی ترس لە جێگرتنەوەیان.

هەر چۆنێك بێت ڕەوشی خراپی ئەم گروپەی دواییان هەر لە ئاستی پشتگوێخستن و ڕێز نەگرتن لە تواناکانیان نەمایەوە، بەڵکو بارودۆخەکە گەیشتە ئەوەی لەلایەن گروپە خێڵەکیەکەی نزیك لە شێخ مەحمود هەڕەشەی جۆراوجۆریان لێبکرێت، ئەوەتا هەریەکە لە موستەفا پاشای یامولکی و تۆفیق وەهبی ئازار دراون و پیرەمێرد و حەمدی شاعیر زیندانی کراون، هەر یەکە لە جەمال عیرفان و عارف صائیب و ئەحمەد موختار جاف کوژراون، لە بەرامبەر هەمو ئەو ڕوداوانە (شێخ مەحمود) هیچ هەڵوێستێکی نیشان نەداوە، لەم سۆنگەوە و بە تێپەڕبونی کات ئەفسەر و ڕۆشنبیرە کوردەکان یەکە یەکە لە شێخ مەحمود دورکەوتنەوە و تا لە کۆتاییدا جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم ئەوانی دیکە جێیانهێشت(مەردۆخی، ١٩٩٩).

بەمشێوەیە ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەبژێر و خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان لەلایەن (شێخ مەحمود) ەوە کاریگەری خراپی بۆ سەر چارەنوس و ڕەوتی سیاسی و کارگێڕیی ناوچە کوردنشینەکانی باشوری کوردستان لێکەوتەوە و بەرە و بارودۆخ و ڕەوشێکی باشتری نەبرد، ئەمەش ڕەنگدانەوەی باڵادەستی خێڵەکی بو کە لەو کاتەدا لە ئاست پێشهات و ڕوداوەکاندا نەبو، کە خودی (سەرکردە) ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەبو. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت سەرباری ئەم لایەنە نەرێنیانە، هەندێ هەنگاوی ئەرێنیش لە سەردەمی حوکمڕانی ناوبراو بەدی دەکرێت، کە یەکێك لە گرنگترین ئەو هەنگاوانە کردنی زمانی کوردیە بە زمانی فەرمی دامودەزگاکانی حوکمڕانیەکەی و ئەوەش لە (٢٨-١١-١٩١٨) کەوتە بواری جێبەجێکردن، وەك لە سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ کراوە شێخ مەحمود خۆی زۆر بە تەنگ ئەو مەسەلەیەوە بووە(شوانی،٢٠٠٢).

## ٢.٤ عەقڵی سیاسی (شێخ مەحمود) و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوداو و پێشهاتەکان

لە ڕاستیدا بەشێکی گەورەی دەسەڵاتداری و حوکمڕانی تەندروست بۆ جۆر و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهات و ڕوداوەکان و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنیان و هەڵبژاردنی باشترین ڕێبژار و خۆگونجاندن لەگەڵیدا دەگەڕێتەوە. لەم سۆنگەوە ئەوەی لە ئەزمونی دەسەلآتداری و حوکمڕانی شێخ مەحمود تێبینی دەکرێت، چ بە پێوەری بارودۆخی ئەو سەردەم بێت یاخود ئێستا دورە لە لۆژیك و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی و تێگەیشتنی سیاسی، لێرەوە دەکرێت ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگیرێت کە شێخ مەحمود لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێودەولەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی و هاوسەنگی هێزەکان و بەرژەوەندییەکان تێنەگەیشتبو، هەروەها نەیتوانیوە مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ڕوداوەکان بکات، ڕێیتێدەچێت هۆکاری سەرەکی ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ناوبراو پێشینەی کاری سیاسی نەبووە، چونکە ئەو لە بنەماڵەیەکی ئاینی پێگەیشتبوو، هەر لەم ڕێگایەوە بوبو بە دەسەڵاتدار و سەرکردە. هاوکات وەکو سەرکردەکانی تورك و فارس ئاگاداری سیاسەتی نێودەولەتی نەبو، هەروەها کەمتر بەرکەوتنی لەگەڵ ئەفسەر و دیپلۆماتە بیانیەکان هەبو. هەمو ئەم تایبەتمەندیانەی ئاماژەی پۆکرا هۆکار بون تا شێخ مەحمود نەتوانێت وەك کارەکتەرێکی سیاسی پێگەیشتو بە میانڕەوی و پشودرێژی مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکان بکات، بەڵکو زۆر بە قوڵی کەوتبووە ژێر کاریگەری بیری خێڵەکی و دەمارگیری، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بو کە لە بڕیارەکانی پەلە بکات و بیر لە ئەنجامەکانی نەکاتەوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچونە هەوڵدەدەین چەند بەڵگەیەك لە ڕەفتارەکانی بخەینەڕو.
یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی شێخ مەحمود وەك(سەرکردە) یەك تێنەگەیشتن بو لە پارسەنگی هێز و بەرژەوەندی زلهێزەکان، ئەم کێشەیە هەرلە دەستپێکی حوکمڕانی یەکەمیەوە کە لە (١٧-١١-١٩١٨) دەستیپێکرد ڕوبەڕوی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای کردەوە، ئەوەتا کاتێك لەلایەن لێپرسراوانی بەریتانیا وەك حوکمداری ناوچەکانی نێوان ڕوباری سیروان و زێی گەورە دیاردەکرێت و مێجەر(نوئێل) یش کە ئەفسەرێکی بەریتانیە و بە دۆستی کورد ناسراو بو بە ڕاوێژکاری سیاسی و مێجەر(دانلێس) بە ڕاوێژکاری سەربازی شێخ مەحمود دیاریکران (شوانی،٢٠٠٢)، ئەو وەك لە ڕوداوەکانی دواتر دەردەکەوێت بەم چوارچێوە جوگرافیایە ڕازی نەبو (اسکندر،٢٠٠٧). بەڵکو بەردەوام لە هەوڵدا بو خێڵ و عەشیرەتەکانی هەولێر و کوردنشینەکانی دیکەی لیوای موسڵ بخاتە چوارچێوەی حوکمڕانیەکەی و تەنانەت سور بووە لە سەر نوێنەرایەتی کردنی تێکڕای کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش(ساڵح،٢٠٠٦).

لە ڕاستیدا هەرچەندە سنوری حوکمڕانیەکەی شێخ مەحمود هەمو ناوچەکانی باشوری کوردستانی نەگرتبووەوە، بەڵام دەکرا ئەم هەنگاوەی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد لێکدانەوەیەکی لۆژیکیانەی بۆ بکرایە و بە هەنگاوی یەکەم و بەردی بناغەی دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد سەیر بکرایە، نەوەك هەنگاو بۆ فراوانکردنی سنورەکەی بنێت و متمانە و باوەڕی بەریتانیەکانیش لە دەست بدات، چونکە لەم ڕووەوە بەریتانیەکان لە سەرەتادا تێڕوانینیان بەرامبەر حوکمرانی کورد خراپ نەبووە، ئەوەتا (ویلسون) ی نوێنەری بالآی بەریتانیەکان لە عێراق لە کاتی سەردانەکەی بۆ شاری سلێمانی و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆك هۆز و سەرکردە کوردەکان لە پەیامێکدا ئەوەی خستۆتەڕو کە ڕێگا لە هیچ هۆزێکی نێوان زێی گەورە و ڕوباری سیروان ناگیرێت گەر بیانەوێت بچنە ژێر ئاڵای شێخ مەحمود کە ئەم ناوچانە لە بری بەریتانیەکان بەڕێوە دەبات. هەر لەم سەروبەندەدا بو مێجەر(نوئێل) بە مەبەستی ڕێکخستن و پتەوکردنی حوکمرانیەکەی شێخ مەحمود گەشتێکی سێ هەفتەیی بۆ ناوچەکانی کۆیە و پشدەر و ڕەواندز کرد و پاشان پێشنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بۆ حکومەتی بەریتانیا کرد (ویلسون، ١٩٩٢).
لە ڕاستیدا شێخ مەحمود وەك (سەرکردە) کارەکتەری سەرەکی بارودۆخی هەستیاری باشوری کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، نەیدەویست لەم ڕاستیە بگات نەخشە و پلانی ناوچەکە بە کوردستانەوە لەلایەن بەریتانیاوە دادەڕێژرێت و جێبەجێدەکرێت، یاخود لەوە تێبگات کە بەریتانیا براوەی یەکەمی جەنگی یەکەمی جیهانیە و ناکرێت هەژمونە سیاسی و سەربازیەکەی بە هەند وەرنەگیرێت. ئەو هەوڵیدەدا کوردستان لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەببرێت نەوەك ڕاوێژکارە بەریتانیەکانی، هەر ئەم عەقڵیەتە سیاسیە بو وایکرد دوای ماوەیەکی کورت بەریتانیەکان باوەڕیان پێنەمینێت، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕون بو کە ناوبراو ئەزمون و شارەزای لە سیاسەت و هاوکێشە سیاسیەکان و پارسەنگی هێزە نێودەوڵەتیەکان نەبووە.

هەر چۆنێك بێت بە تێپەڕبونی کات ئەم پرسە بووە هۆکاری ئەوەی ناکۆکی نێوان بەریتانیەکان و شێخ مەحمود سەرهەڵبدات، ئەمەش جگە لەوەی ئەزمونە حوکمڕانیەکەی کوردی لە باشوری کوردستان لەبار برد، کاریگەری بۆ سەر چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بە چارەنوسی سیاسی کورد بە گشتی هەبو، ئەوەتا لەو کاتەی (شەریف پاشای خەندان) وەك نوێنەری کورد بۆ کۆنفرانسی- ئاشتی پاریس دیاریکرا بو، مێجەر (نوئێل) خۆی سەرپەرشتی نوسینی چەند یاداشتێکی پشتگیری لەلایەن کوردەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناوبراو کردووە، تا لە کۆنفراسەکەدا داکۆکی لە مافەکانی کورد بکات(هاوار، ١٩٩١)، بۆ ئەمەش هەر یەك لە (سەید ئەحمەد بەرزنجی و ڕەشید زەکی کابان) دیاریکران تا یاداشتەکان بگەینە دەست(شەریف پاشا) لە پاریس، ئەو دوو کەسایەتیە لە (١٩-٣-١٩١٩) لە سلێمانییەوە بەڕێکەوتن و شەش ڕۆژ دواتر گەشتونەتە شاری بەغداد، ڕۆژی (٢٦-٣-١٩١٩) بە فەرمانی نوێنەری بالآی بەریتانیەکان لە بەغداد و بە نوسراوی ژمارە (٥-١٢٣) ڕێگای گەشتکردنیان پێدراوە لە بەغدادەوە بۆ شاری حەلەب(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦). لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت شاندەکەی کورد بۆ کۆنفرانسی- ئاشتی سەرەتا لەلایەن بەریتانیاوە هاوکاری کراون بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست، بەلآم هاوکات لەگەڵ گەیشتنی شاندەکە بە شاری حەلەب ڕاپەڕینی شێخ مەحمود لە ٢٣ی ئایاری (١٩١٩) دژی بەریتانیەکان لە سلێمانی دەستیپێکرد، بەمەش هەمو

پەیوەندییەکانی نێوانیان پچڕا و کۆتایی بە ئەرکی شاندەکە هات، دواجار هەردو ئەندامی شاندەکە لە سەر داوای بەریتانیەکان لەلایەن کاربەدەستانی فەرەنسا دەست بەسەر کران و ڕەوانەی عێراق کرانەوە (عەبدوڵلا، ٢٠٠٦).

یەکێکی دیکە لە هەڵە سیاسییەکانی شێخ مەحمود لەم قۆناغە هەستیارەدا پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێزە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێیەکان، تەنانەت بەرامبەر بە دەوڵەتێکی وەك بەریتانیا و شەڕکردن لەگەڵیدا بەبێ ڕەچاوکردنی گەورەیی هێزی سیاسی و سەربازی کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کارەکتەری سەرەکی و داڕێژەری نەخشەی سیاسی و دابەشکردنەوەی ناوچەکە بو بە گشتی و ڕۆڵی گەورەشی لە دیاریکردنی چارەنوسی میللەتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی هەبو. لە ڕاستیدا پەنابردن بۆ ئەم شێوازە لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان جگە لە کەلل ەڕەقی، تێنەگەیشتن بوو لەم جیاوازیەی لە نێوان هێزی کورد کە لە چەکداری هۆزەکان پێکدەهات و لە ڕووی چەك و ڕێکخستن و هونەر و زانستی سەربازی بە سوپای بەریتانیەکان بەراورد نەدەکرا کە ئەو کات لە جیهان ڕکابەری نەبوو، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تێڕوانینە بۆچونێکی(حیلمی، ١٩٥٦) کە یەکێك لە نزیکترین خوێندەوارەکانی ئەو سەردەمە بووە لە شێخ مەحمود، باشترین بەڵگەیە کە بەمشێوەیە گوزارشتی کردووە: "شێخ مەحمود خاوەنی ئەزمونی سیاسی و کرداری پێویست نەبو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەغداد" .

بەمشێوەیە شێخ مەحمود بەبێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکانی کەوتە ململانێی سیاسی و سەربازی دژی بەریتانیەکان، لە هەوڵێکی بەردەوامدا بو بۆ فراوانکردنی سنوری دەستەڵاتەکەی، بەمەش کاربەدەستانی بەریتانی لە کوردستان و عێراق باوەڕیان پێی نەما و کەوتنە هەنگاونان بۆ لاوازکردنی دەستەڵاتەکەی، بۆ ئەمەش لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ١٩١٩ مێجەر نوئێل کە حاکمی سیاسی بەریتانیەکان بو لە سلێمانی و بە دۆستی کورد ناسرا بوو لە کارەکەی لادرا و مێجەر سۆن لە شوێنەکەی دانرا، دوای ئەم گۆڕانکارییە ناکۆکییەکانی نێوان شێخ مەحمود و بەریتانیەکان گەورەتر بو، بە تایبەت کە مێجەر سۆن بە ئاشکرا هەوڵی لاوازکردنی دەسەڵاتی شێخ مەحمودی دەدا (هاوار، ١٩٩١).

وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ڕێکارەکانی لێپرسراوانی بەریتانیا بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتەکەی، شێخ مەحمود بڕیاریدا بە چەك ڕوبەڕوی بەریتانیەکان ببێتەوە، لە ڕاستیدا ئەم بڕیارەی شێخ مەحمود کە هەڵەیەکی سیاسی گەورە بو تەنیا کاریگەری نەرێنی بۆ سەر داهاتوی خۆی لێنەکەوتەوە، بەڵکو چارەنوسی سیاسی باشوری کوردستانیشی- بەرەو هەڵدێرێکی نادیار برد، بڕیاری شەڕکردن لەگەڵ هێزێکی سەربازی گەورەی وەك بەریتانیا کە ئەو کات خاوەنی سوپایەکی دیسپلین و مەشقپێکراوی پڕ چەك تەنانەت فڕۆکەش بووە، بە هێزێکی خێڵەکی نادیسپلینی خاوەن چەك و تەقەمەنی زۆر سادە، جگە لە بڕیارێکی نالۆژیکیانەی دور لە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروست بۆ هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان شتێکی دیکە نەبو.

هەرچۆنێك بێت شێخ مەحمود لە (٢١-٥- ١٩١٩) ڕوبەڕوبونەوەی بەریتانیەکانی بە چەك لە بڕیارەوە خستە بواری جێبەجێکردن و لە ڕێگای یەکێك لە سەرۆك خێڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی(مەحمود خانی دزلی) کە دۆستێکی نزیکی بو دەستی بە سەر شاری سلێمانی گرت و بەریتانیەکانی تێدا دەرکرد و ئالاکەشی داگرت و ئالآیەکی تایبەت بە خۆیان کە تا ڕادەیەك لە ئالآی دەوڵەتی عوسمانی نزیك بو بەرز کردەوە، هەروەها هێڵی پەیوەندی نێوان سلێمانی – کەرکوکی بڕی، جێگای سەرنجە شێخ مەحمود و گروپەکەی یەکەم هێز بون دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی شەڕی چەکداری دژی بەریتانیا ئەنجام بدەن(سالح،٢٠٠٦).

لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوەی شێخ مەحمود بەرامبەر بەریتانیەکان وەك ئەوەی تێیگەیشتبو کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبو، بەڵکو ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە. هەرچەندە هێزەکانی شێخ مەحمود لە سەرەتای جموجۆڵەکان سەرکەوتو بون لە دەستگرتن بە سەر بەشێك لەم شارو شارۆچکانەی لەلایەن بەریتانیاوە بەڕێوە دەبران، وەك هەڵەبجە و ڕەواندز و ڕانیە و کۆیە، بەڵآم بەریتانیەکان دوای ئەوەی ماوەیەك خەریکی ئامادەکردنی هێزێکی سەربازی بون، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ دەستیانکرد بە جموجۆڵی هێزەکانیان و لە ١٠ی حوزەیرانی (١٩١٩) کۆیە و پاشان ڕانیەیان لە ژێر دەستی هێزەکانی شێخ مەحمود دەرهێنا، ئینجا بە هێزێکی گەورەوە بە سەرکردایەتی ژەنراڵ فریزەر لە کەرکوکەوە بەرە و سلێمانی بەڕێکەوتن و لە دەربەندی بازیان کە لەلایەن هێزەکانی شێخ مەحمودەوە کرابو بە سەنگەری ڕوبەڕوبونەوە، شەوی ١٧-١٨ی حوزەیرانی (١٩١٩) شەڕ لە نێوان هەردو لایەن ڕویدا کە تێدا هێزەکەی بەریتانیا سەرکەوتنی بە دەستهێنا و تەنانەت شێخ مەحمودیش لەم شەڕەدا بە بریندارى بە دیل گیرا(البیاتی، ٢٠٠٥ ؛ ادموندز، ١٩٧١). ئەمەش گرتنەوەی شاری سلێمانی و هەمو ئەو ناوچانەی لەلایەن سوپای بەریتانی بە دوای خۆیدا هێنا کە لە ماوەی پێشوتر لەلایەن هێزەکانی شێخ مەحمودەوە کۆنترۆڵ کرا بو.

خاڵێکی دیکە کە دوای بە دیلگیرانی جێگای سەرنجە و بەڵگەیەکی دیکەی تێنەگەیشتنی شێخ مەحمود بووە لە کرۆکی سیاسەتکردن، کە پێی وابووە هەمو ئەو بەڵێنانەی لە کاتی ململانێیەکان لەلایەن هاوپەیمانان بانگەشەی بۆ کراوە جێبەجێ نەکراوە، ئەو بەردەوام بەریتانیەکانی بە بەڵێن شکێن و جێبەجێنەکردنی (١٤) بەندەکەی (ودرو ویلسن) ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی بەندی(١٢) کە جەختکردنەوە بو لە سەر سەربەخۆیی میللەتانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی تاوانبار کردووە (سالح،٢٠٠٦).لێرەدا ئەمە ڕون دەبێتەوە کە شێخ مەحمود تا ئەو کاتە لەوە تێنەگەیشتبو سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانیان هەنگاو دەنێت نەوەك لە بەرچاوگرتنی مافی میللەتان. هەرچۆنێك بێت شێخ مەحمود دوای دادگایەکی سەربازی بۆ دورگەی ئەندامان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای هیندی دورخرایەوە(ادموندز،١٩٧١).

شایانی ئاماژە بۆ کردنە دوای دورخستنەوەی شێخ مەحمود (سەرکردە) یەکی دیکە لە قەبارەی ئەو لە ڕوی جەماوەری و کاریگەری لە گۆڕەپانی سیاسی باشوری کوردستان دروست نەبو، هەرچەندە ژمارەیەك گروپ و ڕێکخراوی سیاسی سەریانهەڵدا، بەڵآم ئەمانە ئەوەندەی داواکاریەکانیان خۆی لە گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود دەبینیەوە، کەمتر بەرنامەیەکی سیاسیان خستبوەڕو. هەرچۆنێك بێت بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان بەمشێوەیە مایەوە تا هێنانەوەی شێخ مەحمود لە ئەیلولی (١٩٢٢) بۆ سلێمانی.

## ٥. ئەنجامەکان

١- سەرباری پێکچونیان لە ڕوی پێکهاتەی کۆمەڵآیەتییەوە، دو ئاڕاستەی سیاسی جیاواز لە هەریەك لە باکوری کوردستان و باشوری کوردستان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەڕێوەچووە، لە باکور هەمو ئومێدی خۆیان خستبووە سەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، لە باشوریش کەوتنە ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوئاڕاستە نەبون لەگەڵیاندا.

٢- کەم ئەزموونی (سەرکردە) کوردەکان لە ڕوی سیاسییەوە لە هەردو بەشی کوردستان کە هیچ کامیان لە ئاست بارودۆخە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نەبون، لەم سۆنگەیەوە نەیانتوانی دۆخەکە لە بەرژەوەندی کێشە نەتەوەیەکەیان بقۆزنەوە.

٣- لە هەردوو بەشەکەی کوردستان ململانێیەکی توند و ڕاستەوخۆ لە نێوان چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیران لەلایەك و چینی خێڵەکی و پیاوانی ئاینی لەلایەکی دیکە لە ئارادا بو، لە کۆتایدا لە هەردوو بەشەکە چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان لە گۆڕەپانەکە پاشەکشەیان کرد.

٤- عەقڵیەتی خێڵەکی ڕێگر بو لە بەردەم دروستبونی یەك گوتاری سیاسی و هەنگاونان لە سەر بنەمای لۆژیك و تێگەیشتنێکی دروست بۆ سیاسەتکردن.

٥- نەبونی ئامانج و سیاسەتێکی ڕون و ئاشکرا چ لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە بێت، یان هاوپەیمانانەوە.

## ٦. سەرچاوەکان


ابوبکر، أحمد عثمان وآخرون، ٢٠٠١: عشائر کردستان، أربیل، رابطة کاوا الثقافة الکردیة.

ابوبکر، أحمد عثمان،٢٠٠٢: کردستان فی عهد السلام بعد الحرب العالمیة الاولی، أربیل.

اسکندر، سعد بشیر، ٢٠٠٧: من التخطیط الی التجزئة، سیاسة بریطانیا العظمی تجاه مستقبل کردستان ١٩١٥- ١٩٢٣، السلیمانیة، بنکەی ژین، ص: ٩٢.

أوزاغلو، هاکان، ٢٠١٦: أعیان الکورد والدولة، ت: د. خلیل علی مراد، أربیل، مطبعة جامعة صلاح الدین، ص:٦٢، ١٤٣- ١٦٤، ١٤٦، ١٤٧.

بانگی کردستان (ڕۆژنامە)، ژ (١٠)، ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، سلێمانی.

جلیلی، جلیل وأخرون، ٢٠٠٢: الحرکة الکردیة فی العصر الحدیث، ت: د. عبدی حاجی، ط٢، أربیل، ص: ١٣٦،١٣٣.

حسرتیان، م.أ، ١٩٨٧: کردستان بین الحربین، ط١، بیروت، دار الکتاب، ص: ٣٦،٣٥.

حیلمی، ڕەفیق(یادداشت)، ١٩٥٦: کوردستانی عێراق و شۆرشەکانی شێخ مەحمود، بەرگی ١- ٤، بغداد، چاپخانەی مەعاریف، ل: ٧٥، ٨٦، ١٣٧.

دەرسیمی، نوری، ٢٠٠١: دەرسیم لە مێژوی کوردستاندا، و: د. ئەحمەد فەتاح دزەیی، هەولێر دەزگای موکریانی، ل: ٨٨، ٩٧، ١٢٠، ١٤٤، ١٦٥، ١٦٨.

شاوەیس، ئیسماعیل حەقی، ١٩٦١: شۆڕشی قۆچگیری ١٩٢٠-١٩٢٦، گۆڤار (ڕۆژی نوێ)، ژ (٣)، بەغداد، ٣٩، ٤٠.

شمو، قادر سلیم، ٢٠٠٨: موقف الکورد من الحرب الاستقلال الترکیة ١٩١٩-١٩٢٢، دهوك، دار سپیرێز، ص: ٤٩.

شوانی، ئاکۆ عەبدولکەریم، ٢٠٠٢: شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، سلێمانی، چاپخانەی زانست، ل: ٩٦، ١٠١.

شێرکۆ، بلەچ، ١٩٩٢: کێشەی مێژینە و ئێستای کورد، و: محەمەد حەمە باقی، چ٣، هەولێر.

شەریف، هیوا حەمید، ٢٠١٤: ڕەوشی سیاسی کوردە عەلەوییەکانی باکوری کوردستان ١٩٠٨- ١٩٣٨، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین، ل: ١٢٧، ١٢٨، ١٤٦.

صابر، سروە أسعد، ٢٠٠١: کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولی الی النهایة مشکلة الموصل ١٩١٤-١٩٢٦، أربیل، مؤسسة موکریانی للطباعة والنشر.

صابر، شاخەوان عبد الله، ٢٠٠٧: رفیق حیلمی: دراسة تاریخیة فی نشاطه السیاسی و الثقافی، السلیمانیة، بنکەی ژین، ص: ٩٠، ٩١.

عەبدوڵڵا، نەجاتی، ٢٠٠٦: وەفدی شێخ مەحمود بۆ کۆنفرانسی ئاشتی ٢٠ی ئازار- سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩١٩ بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا، لە: یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، سلێمانی، بنکەی ژین، ل: ١٣١، ١٣٤.

گوێڵداش، ئیسماعیل،٢٠١١: جەمعیەتی تەعالی کوردستان، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، سلێمانی، بنکەی ژین، ل: ٢٥، ٢٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٣٣٣، ٣٣٤.

لازاریف، م. س، ١٩٩١: المسألة الکردیة ١٩١٧- ١٩٢٣، ت: د. عبدی حاجی، بیروت، دار الرازی، ص: ٣٧، ٣٨، ٣٩، ١٢٧، ١٢٨، ١٢٩، ١٣٠.

مراد، خلیل علی،١٩٩٤: القضیة الکردیة فی ترکیا ١٩١٩- ١٩٢٥، فی: د. خلیل علی مراد وأخرون: القضیة الکردیة فی ترکیا و تاثیرها علی دول الجوار، مرکز الدراسات الترکیة، الموصل، ص: ٦٥.

نۆئیل، مێجەر، ١٩٨٧: یادداشتەکانی لە کوردستان، و: حسێن ئەحمەد جاف و عثمان نێرگزە جاری، بەغداد، ل: ٧، ١٨، ٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤.

هاوار، محەمەد ڕەسول، ١٩٩١: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان، ب١، لەندەن١، ل: ١٢، ٤٦٣.

هاوار، محەمەد ڕەسول، ٢٠٠٦: کورد و باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، بەرگی دووەم، سلێمانی، ل: ٢٢٠، ٢٢١.

ویلسون، أرنلد تی، ١٩٩٢: بلاد ما بین النهرین بین ولاءین، ت: فؤاد جمیل، ط١، ج٣، بغداد.

Koçaş, Sadi, 1976: Tarih Boyunca Ermeniler ve Turk-Ermeni Ilişkileri, (Ankara) , s; 229, 230, 231.

Şener, Cemal, 2006: Atatürk ve Aleviler: kurtuluş savaşinda Aleviler- Bektaşiler, (Istanbul, Yayinlari Eti


[1] دیارترینی سەرکردەکانی کورد لەم قۆناغەدا لە باکوری کوردستان پێکهاتبون لە : شێخ عەبدولقادری شەمزینانی، ئەمین عالی بەدرخان، کامەران بەدرخان، جەلادەت بەدرخان،ئەکرەم جەمیل پاشا، قەدری جەمیل پاشا. بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ئەم کەسایەتیانە بنواڕە: (اوزاغلو، ٢٠١٦).

[2] کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ لەلایەن ژمارەیەك ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری کورد لە ئەستانبول دامەزرا کە بەشێکیان کوردی عەلەوی بون، کۆمەڵە لە ماوەی تەمەنیدا کار و چالاکی زۆری ئەنجامداوە، ژمارەیەك لقی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کردەوە کە تەنیا لە باکوری کوردستان (٢٦) لقی هەبووە، هەروەها ڕۆڵی لە بزوتنەوەی مەلاتیا ١٩١٩و ئامادەکاری بۆ ڕاپەرینی کۆچگیری هەبووە، دوای پەیمانی سیڤەر ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی و بە سەر دوو بەرەدا دابەش دەبن، لە ١١-١٠-١٩٢٠ لەلایەن حکومەتی عوسمانی بڕیاری داخستنی دراوە. بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ئەم کۆمەڵەیە، بنواڕە: ئیسماعیل گوێڵداش: س.پ.

[3] ساڵی (١٨٨١) لە سالۆنیك لە دایك بووە، ساڵی (١٩٠٢) کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی ئەندام بووە تێدا، ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی تورکیای کردووە، ساڵی(١٩٢٣ ) کۆماری تورکیای ڕاگەیاندووە، ساڵی ١٩٣٨کۆچی دوایی کردووە. (Lewis ١٩٩٩ ؛الجهانی، ٢٠٠٠)

[4] ئەدوارد چارلیس ولیم نۆئیل، دەرچوی ئەکادیمیەی سەربازی بەریتانییە، لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناو هێزی بەختیاری زۆر چالاکانە کاری کردووە، پاشان ڕەوانەی قەفقاس کراوە، دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتۆتە سلێمانی و کراوە بە ڕاوێژکاری سیاسی شێخ مەحمود، یەکێك بووە لە لایەنگرانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، دوای جەنگی دووەمی جیهانی خانەنشین کراوە. (یادداشتەکانی نۆئیل، ١٩٨٤).

[5] کۆچگیری لە ڕوی جوگرافییەوە دەکەوێتە ڕۆژئاوای باکوری کوردستان، لە ڕوی کارگێرییەوە سەر بە ویلایەتی سیواس بو، ناوچەکانی بریتی بون لە ( زارا- ئومرانی- قەرەجوێران- بلورجان- بەیینار- کانگال- کوروچای) دانیشتوانی ناوچەکە کوردی عەلەوین(دەرسیمی، ٢٠٠١ ؛ شاویس، ١٩٦١).